زریکـه

شەوانـە درەنگ ..

کە گەڵا و گوڵا و سروەش دەسرەون

ڕەزوان و شەیتانیش دەخەون

هەموو دەرگا و پەنجەرەکان ..

لەسەر هەزاران نهێنی و لەزەت و مەینەت .. دادەخرێن

ئەستێرەکانیش لەو دیو هەورەکانەوە دەکەونە سەرپشت

نەهەنگ و ماسییەکانی نێو دەریا و رووبارەکانیش .. سڕ دەبن

تەنها من نەبێ .. بێدارم ..

ئەو شەوانە یەزدانیش ..

هەر هەموو فریشتەکانی خێر و شەڕیش بێئاگا لە دونیا ..

سەرخەوێك دەشکێنن

من گوێم لە زریکەیەکی بێئامان دەبێ

ناڵەیەکی جەرگبڕ

لە گەڕەکە دوورەکانەوە "با" دەیهێنێ

دەبێ کێبێ و تەنیا بمرێ ..

تەنیا بنوێ..

تەنیا بدوێ .. دەبێ کێبێ ..؟

دێمە دەرێ

کە جگە لە مانگی دەم زەرد هیچ نابینم ..

خەم دامدەگرێ ..

هەموو شەوێ .. ئەو زریکەیە لە خەوم دەکا

ئاراستەی "با"ش سەرم لێ تێك دەدا

نازانم .. لە کام ماڵە و .. لە کام گەڕەك و ..

لە کام شارەوە وا غەمگین دێ

وەی لە نەفامیم ..

کەی تێدەگەم کە زریکەی رۆحی خۆمە و ..

تێکەڵا بە ناڵەی خەلیقەت دەبێ ..؟

هەموو شەوێ ..

هەموو .. شەوێ ..